# سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان

## دیمۆکراسی
## دادپەروەری
## بنەبڕکردنی گەندەڵی

## مانیفێستۆی دکتۆر کەمال میراودەلی بۆ سەرۆکلیەتی هەرێمی کوردستان

## ژمارە (15)

هەڵەبجە
ئەمشەو گشت ئاسمانی دنیا
بۆ یەک قەترە باران گەڕام
ئەمشەو قوڵایی چاوی ژیان
بۆ یەک قەترە گریان گەڕام
ئەمشەو هەموو رەشەبای مەرگ
بۆ سروەیەکی ژیان گەڕام
ئەمشەو گشت فەرهەنگی دنیا
بۆ پێناسەی تاوان گەڕام
ئەنفال   ئەنفال
ئەنفال   ئەنفال
ئەمشەی بۆ چاوی شارەکەم
چاوی کوێری جیهان گەڕام

## بە ناوی خوداوەندی مەزن و میهرەبان

# سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان

## دەسەڵاتی دیمۆکراتی دەستووریی دادپەروەریی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بنەبڕکردنی گەندەڵیی

### گەلی کوردستان

### کچ و کوڕانی پر خەون و هیوای نەتەوەکەم

من لە یەکەم رۆژەوە کە خۆم بۆ پۆستی سەرکردایەتی کاندید کرد - لە رێگای رادیۆی نەوا-وتەلەفزیۆنی KNN ەوە - بەڵێنم پێدان کە نموونەی سەرکردایەتییەکی نوێتان لە رووی دەستووریی و یاسایی و دیمۆکراسی و دادپە روەرییەوە پێشکەش بکەم: سەرکردایەتییەک کە دوور بێ لە حیزبایەتی و چینایە تی و ناوچە گەریی وعەشیرەتگەریی و ئایدیۆلۆجی و میراتی خوێن و چە ک و براکوژیی و گە ندەڵیی و هە موو ئە و هۆکارە ناسازو بەرژەوەندیکردانەی کە بە ناهەق و نارەوا گەلەکەمان دابەشدابەش و پێکناحەز دەکەن.

سەرکردایەتییەک کە سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان، هە موو کوردستان، بۆ مێژووی کولتووری سیاسیی گە لەکەمان و نە خشەی ئاینده ی تۆمار بکات و ببێتە نموونەیەکی سرۆشبەخش و پاک بۆ گەنجەکانمان و نەوەی نوێمان.

سەرکردایەتییەک کە بیری چاک و وتاری چاک و کردار ی چاک بکاتە مەشخەڵی رێگاو پێوانەی هەڵسەنگاندن.

سەرکردایەتییەک کە پابەندی دەستوورێکی دیمۆکراتی و حوکمی یاسا بێ و هە موو حیزب و لایەن و رۆلانی نە تەوەکەمان بە یەک چاو سە یر بکا و سیستمی دیمۆکراتی و کە لتووری دادپەروەری کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ.



د. کەماڵ میراودەلی ژمارە (15 )
سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان

سەکردایەتییەک کە هەستی خۆشویستن و ویەکترویستن و یارمەتیدانی یەکتر و باوەربوون بە کۆمەل و بە پاشەرۆژ پەرەپێبداو و بە ها رۆحی و دینی و مۆرالی و ویژدانی و کۆمە لایەتییە بەرزەکان بۆ پێوەندیمان لەگەڵ یەکترو ژیانی رۆژانەمان بگێرێتەوە.

ئێوە کە بتانەوێ من بۆ سە رکردەی خۆتان هە ڵبژێرن راستی دلسۆزێکی گە لەکەتان بۆ خزمەتی خۆتان و ولاتە کەتان هەڵدەبژێرن. ئەم هەڵبژاردنەش پە یمانێکی ئەخلاقییە لە سەر بنچینەی ئە م بە ڵێنانە دامەزراوە کە دەبێ پابە ند بم پێیانە وە ئەگینا هە قی خۆتانە متمانەم لێوەرگرنەوە و لە خزمەتی خۆتان رەهام بکەن.

### گەلی خۆراگری خەبات و کارەسات

هەژدە ساڵە دەسەڵات لە رێگای جەنگی ناوخۆی بە ناهەق و تالانی سەروەت و سامانی گەل و گەندەڵیی و شێواندنی بە هاکانمان و کوشتنی خە ونەکانتان و کپکردن و کڕینی ئیرادە ی ئێوەوە خۆی هێشتۆتەوە.

من دەمەوێ ئەو ئیرادە ئینسانی و نە تەوەییە ئازاد بکەم و بیکە مە هێزێکی بەکار بۆ باوە ڕ بەخۆبوون، بۆ هیوابوون بە پاشەرۆژ، بۆ بیرکرنەوەی ئازاد و داهێنەرانە، بۆ خۆشەویستی یەکتر، بۆ چاکسازیی، بۆ گۆڕان، بۆ دروستبوونی مرۆڤی کوردی هوشیاری تاک و دیمۆکراتیخواز.

هەژدە ساڵە عەقلی شاخ و دەسەڵاتی بێ دەستوور، بێ سەروەریی یاسا، بێ دەرفەتی یەکسان و دادپەروەریی، بێ لێپرسینەوەو چاکسازیی، بێ بوونی ئۆپۆزیسیۆن و دەوری پەرلەمان، بێ گوێگرتن لە رەخنەو ئامۆژگاری میدیای ئازادو هاوارو دادو فریادی بێوچانی خە ڵک، وای کردووە کە لەلایەکەوە دەرفەتی ژیانی ئازادو و پێشکە وتنی شارستانیی و تە کنۆلۆجیی لە دەست بدە ین و لە لایەکی تریشەوە هەستی هاوبوویی ( ئینتیمای) نیشتیمانی وتە نانەت کۆمەلیی و ئینسانیش لای مرۆڤی کورد بکوژرێ و هە ستی هە لهاتن و غوربە ت، یان بێهیوایی و رەشۆکی لای گەنجەکانمان بە تایبەتی و مرۆڤی کورد بە گشتی جێی بگرێتەوە.

ئێمە لەپێش هە موو شتێکدا دە بێ هە وڵ بدە ین ئە م هاوبوویی یە نیشتیمانییەو شوناسی ئینسانیی و کولتووریی و نەتەوەیی بۆ کۆمەلەکەمان و بۆ گەنجانمان بگێڕینەوە.

ئەمەش بە وە دەبێ و ئە و کاتە دەکرێ کە هەموومان هە ست بکە ین ئە م نیشتمانە هی هەموومانە و داوای خۆشەویستی یەکترو رەنج و کۆششی تاک و هەرەوەوەزیی لە هەموومان دەکا.

هەموومان مافی وە ک یە کمان لە مێژووی خە بات و شانازییە کانیدا هە یە، شە هیدانی شەهیدانی هەموومانن، پێشمەرگەی پێشمەرگەی هەموومانن، مافی وە کیەکمان لە پاراستنی ئاسایش وسەربەخۆیی و سە روەرییدا هەیە، مافی وە کیەکمان لە سامان و بوجە ی دا هە یە، مافی وەکیەکمان لە هەل و دە رفەتی کارو کاسبی و مڵك و زە وی و خاک و ئاوی دا هە یە، مافی وە کیەکمان لە دەرفەتی دامەزراندن و وە زیفەو پەروەردەو خوێندن و تە ندروستی و پێشکەوتنی کەسیی و پرۆفێشنال دا هەیە، مافی وەک یەکمان لە دروستکردن و بەرێوەبردن و گۆرینی دیمۆکراتییانەی دەسەلاتدا هەیە. هەموومان مافی ئەوەمان هەیە کەرامەتمان پارێزراو بێ، ئازادیمان پارێزراو بێ، ژیان و مافە مرۆڤییە بنەرەتییەکانمان پارێزراوبن. هەموومان مافی ئە وەمان هە یە دەستمان بە و عە دالەتە رابگا کە یاسا دە بێ بە رقەراری بکات . مافی ئەوەمان هە یە هەموو هە وڵ و چالاکییە کی تاکە کەسیی و کۆمەلیی ئاشتیخوازو شارستانی ناتوندوتیژ وەک دەنگدان، ئازادی رادەربرین، رەخنە، کۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان و چالاکی راستە وخۆ بۆ بە رهەلستی ناهە قییەکانی دە سەڵات و راستکردنە وەی خواریی و لادانەکان لە یاسا بە کاربێنین.

دەستووری دیمۆکراتی، یاسادانان و گێرانە وەی بوجە و سامان بۆ گە ل و، روونبینیی(شەفافییەت) لە وەرگرتن و خە رجکردنیدا، ئە و ئامرازانە ن کە دەتوانین ئە و یەکسانییەی پێ بهێنینە دی: لە پێش هە مووشتێکدا یە کسانی هە مووما ن، هە موو هاوڵاتیان بەرامبەر یاسا. کەس لە سەرووی یاساوە نابێ. کەس لە لێپرسینەوەی یاسایی بۆ هەر گەندەڵی و تاوانێک قوتلو نابێ، هەموو کەس لە رێگای یاساوە دەتوانێ هەموو ئەو مافانەی خۆی داوا بکات و بەدەست بێنێ کە لە دەستووری دیمۆکراتی کوردستاندا دەستنیشانیان دەکەین و خۆشی لە هەموو ئەو ناهەقی و ناعەدالەتییانە بپارێزێ کە دەشێ تووشی بێن.

دەستوور، وەک ئیرادەی ئازاد و عەقل و ئاکاری بەکۆمەڵیی گەل و زامنی ماف و ئازادییەکان و پە یکەری سسیتمی سیاسی پە رلەمانی دیمۆکراتی، یە کەم و سە روەریترین چاوگە ی دەسەلات [مەرجەع] دەبێ. دوای ئەو پە رلەمان ، وە ک نوێنە رایەتی هە لبژێردراوی گەل پارێزەرو بە کارخەری دە ستوورو، دە سەڵاتی یاسادانە ر و چاودێرێکی چوستی دە زگای جێبەجێکردن و، پارێزە رو پێشخە رێکی بە رپرس و شە رەفمەندی ماف و ئازادی و بەرژەوەندی و خواستەکانی گەل دەبێ.





من هەموو هەولێک دەدەم بە پشتبەستن بەو دەسەلاتە یاساییی و مەعنەوییەی کە یاسا پێی داوم و بە راوێژکاری و هاوکاری دۆستانە و دیمۆکراتییانە لە گەڵ پە رلەمان، پارتە کان، ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەلگای مەدەنی و میدیای ئازاد و روناکبیران و رای گشتی، کە لە رێگای پرۆگرامێکی یاسادانانی زانستی وردبین و دیمۆکر اتی و عە دالەتخوازو پێشکە وتنخوازو بەرنامەیەکی ستراتیجی پێشخستنی ئابووری و کۆمە لایەتی و کە لتووری و زانستی و تەکنۆلۆجی درێژمە وداو و فراوانە وە، پێکە وە، هە موومان پێکە وە، سیستمێکی حوکمرانی دیمۆکراتی و کۆمەلێکی نوێی سەردەمیی دروست بکەین کە لە سەر دوو بنچینەی زانست و یاسا دامەزرابێ و عەدالەت و یەکسانیی وکار و هیواو بەختەوەری هەموو کچ و کورەکانمانی تێدا مسۆگەر کرابێت، نیشتمان و مڵک و سامان و بودجە کەی بۆ گە ل بگێرێتەوە. بەڵێنتان دەدەمێ هە موو هە وڵێکم بە خت دە کەم کە لە ماوەی سێ مانگدا دە ستوورێکی دیمۆکراتی مۆدێرن لەلایەن پەرلەمانەوە بریار بدرێ و لە ماوەی ساڵێکدا کۆمەڵێ یاسای گرنگ بخە ینە کار تا کۆتایی بە گەندەڵی و بێسە روبەری و دە ستێوەردانی حیزبیی و جیاوازیی و قۆرخکردنی دەسەڵات ودارایی و دزینی س امانی گەل و وڵات و لە باربردنی حکومەت و دەرفەتە مەزنەکان بێنێ و بودجەو سامانی گشتی بۆ چە سپاندنی عەدالەت و دەرفەتی یەکسان و ژیاندنە وەی دێهات و کە لتووری کوردە واری و بنیاتنانە وەی کە سێتی تاکی کوردو پێشکەوتنی زانستی و تە کنۆلۆجی وبنیاتنا نەوەی ژێرخانی ئابووری وپیشە سازیی و پێگەیاندنی گەنجان بەکاربێنێ و دەسکەوتەکانی گەلەکەمان و پاشەرۆژی کوردستانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم بپارێزێ.

**کچان و کوڕان ، دایکان و باوکانی ستەمدیدەی کوردستان:**

بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە خەون نییە - تۆ بە دەنگی خۆت، بە بەکارهێنانی مافی دیمۆکراتی خۆت، دە توانی ببیتە خاوەنی ئە م پرۆژە یەو دامە زرێنەرێکی ویژدان زیندوو- و هوشیارو چالاکی دە سەڵاتی دە ستووری وحکومە تی یاساو کۆمە ڵگای دیمۆکراتی و نیشتمانێکی نوێی زانست و عەدالەت و یەکسانی کە هی هەموومان بێت.

ئەم هەلبژاردنە دەرفەتیکی مێژوویی گرنگە بۆ پاراستنی دەسکەوت و پاشەرۆژی گەلەکەمان و لە دەستنەدانی دە رفەتی ئازادی وپێشکە وتن و خۆبە رێوەبردنی دیمۆکراتی . هەموو ئە و دەرفەتە زێرین و کارتە بەهێزانەی لەدەستماندا بوون یەک بە یەک، لەم پێنج ساڵەدا، لە لایەن دەسەڵاتی نا نە تەوەیی و نادەستوورییەوە بۆ بە رژەوەندی حیزبیی و بنە مالەیی تە سک و خۆپەرستانە فەوتێندران و سووتێندران . جیهان، لە م لە حزەی قە یرانە دارایی و ئابوورییە جیهانییە گەورەدا، خە ریکە جارێکی تر سیستمێکی تری خە تەرناک بە خۆ دە گرێ کە لە بەرژەوەندی ئێمە دا نییە . کەچی بە شێکی دە سەلات هێشتا وە ک مێگە ل سە یری گە ل دە کاو

هەروەک نە بای دیبێ و نە باران وەک عادەتی هەژدە سالی خۆی لە جێێ خۆی چە قیوەو دەستبەرداری گەندەڵی و مۆنۆپۆلی و هەڵپەی تۆتالیتارییانە نابێ.

من دەمەوێ بە پشتیوانی خودای مە زن و بە پشتگیریی ئێوە و پێشکە شکردنی نموونە ی سەرکردایەتییەکی ئینسانیی و دیمۆکراتی عە دالەتخوازو ژیرو رۆشنبیر و باوە ربەخۆبوو، هەستی خۆشە ویستی و هاوبوویی وهاوخە باتێ بۆ گە لەکەمان بگێرمە وە وهەمووومان بەیەکەوە، گەل و حیزب و حکومەت، کۆمەڵ و تاک:

* دەستوور بکەینە رێبەر

* یاسا بکەینە سەروەر

* دیمۆکراسی بکەینە رێبازو ئامراز

* عەدالەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەینە ئامانج

* هەموو دە رگاو پەنجەرەکانی ئازادیی، مافی مرۆڤ، دیمۆکراتی بوون، میدیای ئازاد، دەرفەتی یەکسانی کارو بە ختەوەری و پێشکە وتن و زانست و تە کنەلۆجی و پە روەردەو پێگەیاندن و داهێنان ودامە زران و خۆ دروستکردن و خزمە تکردن، بۆ هە موو رۆڵەکانمان، کچ و کوڕ، لە ئەمرۆو ئایندەدا بکەینەوە و ناعەدالەتی رابردوویان بۆ قە رەبروو بکەینەوە و باوەڕبوونیان بە خۆیان و نەتەوەیەکەیان و ئایندەیان پتەو بکەینەوە.

من بەڵێنتان دە دەمێ کە بە هاوکاری دلسۆزانە و بە رپرسانەی پە رلەمان و پارتە کان و بە پالپشتی گەلەوە، وە ک نوێنە ری هە لبژێردراوی راستە قینەو شە رەفمەندو ویژدانبە ندی ئێوە لەگەل حکومەتی دیمۆکراتی عێراق و ولاتانی دە وروبەرو نەتەوە یەکگرتۆکان و ئەمریکاو بەریتانیا و ئە وروپا دابنیشین و لە رێگای پرۆسە یەکی روون و نانهێنییە وە کە پەرلەمان رێبەری بکات و بریاری بدات و لێبپرسێتە وە، پاشەرۆژێکی ئازادو سەلامەت و دیمۆکراتی بە پێی پە یماننامەی جیهانی مۆرکراو بە پاڵپشتی یاسایی و سیاسیی نێونە تەوەیی، بۆ ئێوە و کوردستانەکەمان، زامن بکە ین. هێشتا هە لومەرجی لە بار بۆ بە دەستهێنانی ئە م ئامانجە لە ئارادایەو بە هەلبژاردنی رێگای ئاشتیخوازانە ی بێ توندوتیژی و پرۆسە ی دیمۆکراسی سیاسیی پلورالی فرە نەتەوەیی هاوبە ش لە گەل گە لانی هاو مێژوو – و دین و کە لتوورو پاشەرۆژمان لە ناوچەکەو تیکەڵکاری دیمۆکراتی وکاری دیپلۆم اسی مۆدیرن لەگەڵ جیهاندا، دەتوانین ئاسایش و مافی بریاردانی چارە نووسی نەتەوەیی و هاونیشتمانیی دیمۆکراتی بۆ





گەلەکەمان و پاشەرۆژێکی سەلامەت و شاد بۆ رۆلەکانمان و ئامانجی پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و دیمۆکراتی لە سەربنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش و رێزی یە کتر دابین بکە ین. بۆ ئەم مەبەستە هەول دە دەین دایە لۆگێکی سیاسیی روناکبیریی فراوان لە گەل روناکبیران و رێکخراوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسەتمەداران و پەرلەمانتارانی گەلانی برای عەرەب و تورک و فارس دە ستپێبکەین و کۆنفرانسێک ی جیهانی بۆ دە ستنیشانکردنی نە خشەرێگای چارەسەری کێشەی کورد بە تایبەتی و کێشەی نەتەوەو کەمێتییەکان لە رۆژ هەلاتی نێوەندا بە گشتی، بە هاوکاری کەسێتییە سیاسیی و رووناکبیرییە جیهانییە ناسراوەکان و وەرگرانی خەڵاتی ئاشتی نۆبل - و دەولەتە ناوچەییەکان و سوپەرپاوەرەکان و یەکێتی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتۆکان، لە ئایندەیەکی نزیکدا ببە ستین. من بە ڵێنتان دە دەمێ کە نوێنەرێکی مە بدەئی ئازارو ئاواتی گە لەکەم دە بم و دە نگی دیمۆکراتی گەلی کوردستان پاڵپشتی گە لانی ئازادیخوازی وەک ئێمەش دەبێ وەک گەلی تامیل و دارفور و فە لەستین و کەمێتییە نەتەوەیی و کەلتووری و ئایینییەکان لە هەموو دنیادا.

**خوشکان، برایان**

ئێستا هاوکارییەکی باش و توندو تۆڵ خە ریکە لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و سوریادا دروستدەبێتەوە. من پێشوازی و پشتگیری هاوکاری نێوان عێراق و هە رێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و دە وروبەر دەکەم. بەڵام ئەو هاوکارییە نابێ و ناشێ لە دژی بەرژەوەندی و مافی چارە نووسی هیچ بە شێکی گە لی عێراق بێ : چ کورد، چ تورکمان، چ کلدانی و ئاسووریی، چ شیعی یان سوننی . سەردەمی دووفاقی و بانێک و دوو هە وا دە بێ بۆ هەتاهەتایی کۆتایی بێ. هەروەها نابێ بۆ دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی هیچ دەوڵەتێک و دژی مافی نەتەوەیی و دیمۆکراتی هیچ گە ل و گرۆی دینی یان تایە فی لە هیچ ولاتێکی خۆر هەڵاتی نێوەند دابێ.

ئەزموونی عێراق ئە زموونێکی دە وڵەمەندە لە پرۆسەو ئاکامی خە تەرناکی قبوڵنە کردنی جیاوازیی و پلورالیزمی نە تەوەیی و مە زەبی. قبوڵنەکردنی حە قیقەتی نە تەوەیی گە لی کوردستان لە سەر خاکی خۆی لە لایەن رژێمی شۆڤێنی بە عسی عێراقەوە بە ئەنفال و جێنۆساید دوایی هات کە برینە قوولەکانی هێشتا بە تەواوی دە رنەکەوتوون. قبولنەکردنی جیاوازی و یە کسانی تایەفە دینییەکان لە عێراقدا بە تەکفیرو سەربرین و رە شبکوژی ژن و منداڵ دوایی هات کە رووباری خوێنە کەی هێشتا نە وەستاوە. ئەم نە وەیەی سە رکردە سیاسییەکانی عێراق و تورکیاو ئێران و هە موو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە سەریانە وەک ئەرکێکی ویژدانی و دینی و ئینسانی کە دوا دەرسی لۆژیکی و رۆحی لەم ئەزموونە وەرگرن و نە هێڵن بۆ نە وەکانی داهاتووش دووبارە ببێتەوە.. ئەویش بە سەلماندن و چە سپاندنی پرینسیپی قبوڵکردنی جیاوازی نە تەوەیی و دینی و تایە فی و کە لتووری دەبێ، کە ژیانی

ئینسانی دەولەمەند دەکا هەر وەک چۆن جیاوازی هەزاران جۆر لە گوڵ و گیاو زیندەوەرو دەنگ و رەنگ و دیاردەی سروشتی ژیان سروشتی دەولەمەند دەکا. ئایینی ئیسلام دەمێکە ئەم جیاوازییەی وەک حەقیقەتێکی ئیلاهی لە ئایەتی پیرۆزی: " انا خلقناکم شعوبا و قبائلا لتعارفوا " دا سەلماندووە.

پێویستە بنەماکانی یەکترناسین و یەکتر قبولکردن و مافی جارەنووس لە چوارچێوەی دیمۆکراسی سسیاسی پلورالی و هەستی لیبوردەیی هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بکرێنە بەرنامەی پەروەردەیی و لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێن و لە هەموو دەزگا دیمۆکراتیی و سیاسییەکانی دەولەتی و کۆمەڵایەتیشدا رەنگ بدەنەوە.

**خوشکان، برایان**

لەم کوردستانە جوان و دەوڵەمەند ودێرینەدا جگە لە عەرەب گەلانی برای ئاسووری و کلدانی و ئەرمەنی و تورکمان لە گەڵماندا دەژین. من دژی هەر جۆرە (ویسایە)کم بە سەر ئەواندا کە ماف و ئازادییە دەستوورییە رەواکانیان کەم بکاتەوە یان بشێوێنێ. دژی ئەوەم کەسانێکیان بە پارە یان بە فشار لێ بکردرێ و بکرێنە ئەندامی حیزبی کوردی یان حیزبی عێراقی تر و بوترێ ئەوانە نوێنەری ئەوانن. ئەوان وەک عێراقی ئازادن لە هەر شوێنێکدا دەژین ئەندامی هەر حیزبێکی کوردستانی یان عێراقی بن، وەک گرۆی نەتەوەیی و خاوەنی شوناس و مێژووی تایبەتی خۆشیان ئازادن، وەک مافی دەستوورییان، حیزبی سیاسیی و رێکخراوی کەلتووری خۆیان هەبێ و بۆ بریاردانی چارەنووسی خۆیان بەو شێوەی خۆیان دەیانەوێ لە رێگای پرۆسەی دیمۆکراتی سیاسیی فرە-نەتەوەییەوە تێبکۆشن. پێویستە بەر لەوەی دەستووری کوردستان بریار بدرێ پرس و راوێژکاری تەواویان پێبکرێ و رێز لە راو سەرنج و خواستەکانیان بگیرێ.

**گەلی رەنجدەرو قوربانیدەری کوردستان**

**رووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، حیزبە دیمۆکراتیخوازەکان**

لەم دوو ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی گرنگ لە بیرکردنەوەو نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا روویان داوە. جۆرە هاودەنگی و هاورێکییەکی سیاسیی گرنگ لە نیو حیزب و گرۆیە سیاسییە کوردستانییە جیاکاندا دەرکەوتووە کە لە بیرۆکەی گشتی 'جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت ' دا خۆی نواندووە. چ نووسین و بۆچوونە گرنگەکانی بەرێز کاک نەوشیروان مستەفا کە خۆیان لە دەرکەوتنی لیستی گۆران دا تەواو کرد، چ یاداشت و راپۆرتە بابەتی و





گرنگەکانی چوار حیزبەکەکە جەخت لە سەر پرۆسەی دیمۆکراتی سیستمی پەرلەمانی دەستووریی کوردستان دەکەن، چ پرۆژەکەی بەرێز مام جەلال بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە کاروباری حکومەت و دادگاکان و زانکۆکان، هەروەها پرۆژەکانی بەرێزان کاک کۆسرەت و د. بەرهەم و چوار سەرکردە ریفۆمیستەکەی یەکێتی و دەرکەوتنی لیستی بزوتنەوەی چاکسازی کاک د. عەبدولموسەووەر بارزانی و دەرکەوتنی دەنگی جیاو رەخنەگرانە لە ناو پەرلەمان [بۆ نموونە رەفزکردنی بوجەی ئەمساڵی هەرێم لە لایەن 20 ئەندامی پەرلەمانەوە] ، و بەردەوامی وتاری رەخنەیی توندی میدیای ئەهلی و پەرەسەندنی بێزاری و تووڕەیی شەقامی کوردیی: هەموو ئەوانە ئاماژەی گرنگن کە ئاخری کۆمەڵگای ئێمەش لە وتاری نەتەوەییەوە بەرەو وتاری چاکسازی و گۆرانی دیمۆکراتی بازی داوە و چاوەرێی لە دایکبوونێکی دیمۆکراتی نوێیە و ئاواتەخوازی سەرەتایەکی نوێیە بۆ کوردستان.

ئێستا لە دایکبوونی ئەو سەرەتا نوێیە لە دەست ئێوە دایە.

ئێمە ، وەک گەل و وڵات، هەموو بنەماو ستراکتوری هەیکەلی حکومەتی مۆدێرنمان هەن کە سیستمی دیمۆکراتی و پیشکەوتنی سیاسیی و کۆمەڵیی و ئابووریی و زانستییان لە سەر بنیات دەنرێ وەک:

**1. سەرۆکایەتی هەریم**

**2. پەرلەمان.**

**3. حکومەت**

**4.دادوەریی**

**5. ئەنجومەنی پاریزگاکان و شارەوانییەکان**

**6. حیزبەکان و پلورالیزمی حیزبیی**

**7. پێشمەرگەو هیزی چەکداری پۆلیس و ئاسایش**

**8. رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی**

**9.دەزگای راگەیاندن و میدیای ئەهلی ئازاد**

**10. بازارو کەرتی تایبەتی**

**11. بودجەو سە رجاوەی دارایی و سامانی نە تەوەیی ژێر زە مین و سە رزەمین و سروشتێکی جوان و پر خێرو بەرەکەت**

**12. دەزگاو دامە زراوەی وە ک زانکۆکان و کە رتی پە روەردەیی و دە زگاکان و بەریوەبەراتییەکانی حکومەت**

**13مزگەوتەکان و دامەزراوە دینیەکان**

**14. پێوەندی دەرەوەیی و دیپلۆماسی**

**15. هێزیکی مرۆیی مەزنی گەنجان و بەهرەو توانای ناوخۆیی مەزن**

**16، کاریگە ریی دیاردە ی جیهانگیریی و تە کنۆلۆجیای زانیاری سە ردەم و تیکە لکاری لەگەڵ دنیای دەرەوەدا**

**17 بوونی کۆمەلگا و جالیە ی کوردی بە هێز لە دەرەوەی وڵاتدا کە هەزاران تەکنۆکرات و بەهرەوەرو شارە زای بوارە کانی پێشکە وتنی تێدایە کە کوردستانی ئێمە پێویستی پێیان هەیە.**

هەموو دەوڵەتێکی نۆدەم لە سەر هەموو ئەو بنەما بەهێزانە دامەزراوە کە پێکەوە کاردەکەن و یەکتر تەواو دەکەن تا پرۆسەی حوکم و ژیانی سیاسیی و کۆمەڵیی بە شێوەیەکی هاوتاو یەکتر بەهیزکەر بە رێوە بچن.

وەک دە بینن ئەوەی نوقسانەو دە بێ لە سەرووی هەموو ئەوانەوە بی دەستوورە. لە هەموو ولاتێکدا هە موو ئە و ستراکتورو دە زگاو رواله تانەی دەولەت و کۆمە لگا بە ماددەی دەستووری رابەریدەکرێن و بە یاسادانان ریکدە خرێن. دیارە لە سەرووی دە ستووریشەوە دەبێ دادگایەکی دە ستووری هە بێ بۆ چارە سەری و بریاردانی ئە و ناکۆکییانە ی لە نێوان دەسەلاتەکاندا یان بە هۆی تەفسیرکردنی جیاوازی ماددە دەستوورییەکاندا دروست دەبن.





من ئە و پێداچونە وەیەی پرۆژە ی ئێستای دە ستووری هە رێمی کوردستانم سە رنج دا کە بەدەستپێشخەری کۆمپانیای وشە و سە نتەری پە رەپێدانی دیمۆکراتی مافی مرۆڤ لە لایەن بەرێزان د.لەتیف شێخ مستە فا، یوسف موحمە د صادق، سەروەر علی جعفرو هاوکارانیان ئامادە کراوە. ئەمە کارێکی زانستی یە کجار بەنرخەو دەستخۆشیان لێدەکەم و لە گەڵ هەموو پێشنیازەکانیان دام بۆ هەموارکردنی دەستوورو پێویستە زیاتریش دیمۆکراتی بکرێ تا ببێتە نموونەی دەستوورێکی تۆکمەی سیستەمی دیمۆکراتی پەرلەمانی پێشکەوتوو بەتایبەتی بە:

**1 - بەهێزکردنی سیستمیی نا ناوەندێتی بریاردان و جێبەجێکردن.**

**2 - بەهێزکردنی بنە ماکانی دیمۆکراسی راستە وخۆ و زامنکردنی بە شداریکردنی خەڵک و کۆمە ڵگای مە دەنی لە نەخشەو پرۆسە ی پەروەردەو گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکانیاندا.**

**3 - بەهێزکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسیی بە ئاقارو بە مەبەستی دروستکردنی مرۆڤی تاکەکەسی هۆشیارو خاوەن کەسێتی سەربەخۆو جەختکردن لە سەر ماف و دەوری گرنگی ژن لە کۆمەڵگای مەدەنیدا**

**4 - پاراستن و پتە وکردنی سیستمی دیمۆکراتی دە ستوری پەرلە مانی و پلوراليزمی حیزبی و ئازادی رێکخستن و چالاکی سیاسی و جاماوەریی.**

**5 - پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی گەلی کورد**

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا گومانی نییە پیشکەوتنیکی گەورەو دیار لە هەموو ئەم بنەمایانەی حکومەت و کۆماڵگادا هە یە کە ناومان بردن بەلام ئەوەی بۆتە رێگر لەوەی کە ئەو بنەماو ستراکتورانە لە چوارچێوەیەکی دیمۆکراتی یاسایی مۆدیرندا پیکە وە کار بکەن، دەسەلاتی نایاسایی و دە ستێوەردانی بە ناهەق و بە رژەوەندیپەرستانەی سەرکردایەتی کلاسیکی حیزبی کوردییە (نەک حیزب خۆی وە ک دەوترێ چونکە وەک بەشێکی گەورەی گەل ئە ندامانی حیزبەکانیش و کچو کورە کانیان لەم دە ستێوەردانەو ریگەگرتن لە لە دایکبوونی حکومە تی دیمۆکراسی و و کۆمە لگای نوێ زە رەرمەند دە بن). ئەوانن حیزبایەتییان بە سەر حیزبەکەشیان و کۆمەل و سیستمەکەشدا سەپاندووەو بێباکانە رۆژانە یاساو هەق و عەدالەت و مافی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی کەسی و بنەمالەیی تایبەت دەخەنە ژێر پێیانەوە.

## قەدەغەکردنی دەستێوەردانی حیزب لە حکومەت و ژیانی خەڵکدا

من تێدەکۆشم، بە هاوکاری و هاودەنگی پەرلەمان و پارتەکان و ئۆپۆزیسیۆن، کۆمەڵی یاسای پێویست بۆ قە دەغەکردن و بە جەریمەکردنی دە ستێوەردانی حیزبی و هە موو جۆرە خۆتێگەیاندنێکی نایاسایی لە هەموو ئەو بوارانەدا دە ربکەین. پێویستە پەرلەمان نوێنە ری خەڵک بێ نە ک سەرکردایەتی حیزب و بنە ماڵە، حکومەت دەبێ کارەکانی خۆی لە هەموو بارەکانی پێشخستنی ئابووری و کۆمە لایەتی و پە روەردەیی و پیشە سازیدا بە هۆی باشترین تەکنیک و تە کنۆلۆجی نوێ و هێزی مرۆیی لێهاتوو- و بە توانا و شارە زاوە بە بێ دەستێوەردانی حیزبی بە ڕێوە بەرێ. زانکۆکان دە بێ مە لبەندی زانستی نوێی هاوچە رخ و لێکۆلینەوەی زانستی و بابە تی و بیری تازە و داهێنان و ئازادی بیرکردنەوەو دەربرین و دایەلۆگ و جەدەل و خۆپیشاندان و راپەرین بن و نەوەیەکی ئازاد لە بیرو بریاردان و داهێنان و بنیاتنانی دوارۆژدا پێبگە یەنن و لە سیستمی قفڵدانی عە قڵ و ڤایرۆسی دە ستێوەردانی حیزبایەتی پاکبکرێنەوە. بازار دەبی ئازاد بێ و بە حوکمی یاسا ئازادیی کەسابەت وبازرگانی و کۆمپانیا دروستکردن و و کرین و فرۆشتن و وەبەرهێنان بێ جیاوازی و واسیتەکاری زامن بکرێ و و ئاسانکاری بۆ کردن لە لایەن حکومەتەوە بۆ هەموو هاولاتییان وەکویەک بێ و ئیحتکاری بازارو بازرگانی و هاوردن و وەبەرهێنان بە شیوەی ناشەرعی و نایاسایی لەلایەن حزب و کۆمپانیا مۆنۆپۆلیستە کانەوە بە جەریمە دابنرێ و سزا بدرێ و بوە ستێندرێ.. پێشمەرگە دەبێ رێزو تەقدیری شایانی خۆی بۆ بگێردرێتەوە و ئاستی ژیانی بەرز بکرێتەوەو سوپای کوردو کوردستان بێ نە ک میلیشیای حیزب و بنە ماڵە. پێویستە بەشێکی بە یاسا بکرێتە سوپایەکی پرۆفیشنالی ناحیزبیی لە سەربنچینەی خۆبەخشی و ناحیزبی بوون و تواناو لێهاتوویی و ئەزموون، میلیشیای حیزبی و بنە ماڵەیی و کەسیی قەدەغە بکرێ وبەشەکەی تریشی لە ماوەی دوو تا سێ سالدا بە رنامەی راهێنان و ئیش بۆدۆزینە وەی بۆ دابندرێ وموووچەو یارمە تی زیاد بکرێ تا دە گوێزرێنەوە بۆ هێزێکی مە دەنی بە رهەمهێنەرو بەختەوەر. پێویستە سەربەخۆیی دادوەری بە دەستوور زامن بکرێ و دادگا ئازاد بێ و ببێتە جێگەی متمانە ی هە موو هاوولاتیان و پاریزە ری ماف و کە رامەتی هاوولاتیان و دەستێوەردانی حیزب و هەرجۆرە کارتێکردنێکی دەرەوەیی بە جەریمە دابنرێ و سزا بدرێ.

دەبێ یاسایەک بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوەکانی NGO لە دەستێوەردان و جیاوازیگەری حیزبی دە ربکرێ و هە موویان وەکیەک مافی بۆجەو یارمەتی حکوم ەتیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە کانیان هە بێ. دەبێ یاسای رۆژنامە گەری هە موار بکرێتە وەو ئازادی رۆژنامەگەری و دەربرین بە بێ سنووربۆدانان و سانسۆر زامن بکرێ و رۆژنامە ی ئەهلی ئازاد لە مەترسی سزای نارەوا رزگار بکرێن.





## چاکسازیی دەستووریی

دیارە ئەو بەرنامەی یاسادانانە پێویستی بە راوێژکاری و هاوکاری هەموولایەک دەبێ. بەڵام ئەوە رێگە لەوە ناگرێ کە سەرۆک بە هاودەنگی سەرۆک لیستەکان دەوری رێبەرانەی لە دەسپێشخەرییکردن بۆ پێشکەشکردن و گەڵالەکردنی پرۆژەی ئەو یاسایانە هەبێ. بە تایبەتی بۆ خیراکردنی جاکسازی دەستووری و ئەکتیڤ کردنی پەرلەمان. بۆ نموونە:

**1. دەستووری دیمۆکراتی و دادگای دەستووری: لە ماوەی سێ مانگدا تەواو دابمەزرێن.**

**2. سەرۆکایەتی هەرێم: من پێشنیاز دە کەم لە دەستوورا سەرۆکایەتی هەرێم نەمێنێ و ئەنجومەنی پیران جێی بگرێتەوە.**

**3. پەرلەمان و حکومەت: بۆ چاکسازی و چالاککردنی پەرلەمان تا بە پێی یاسایەک شێوەی هەلبژاردنی بازنە یی جێگە ی هە لبژاردنی رێژە یی دە گرێتەوە، کۆمە ڵی رێساو رێوشوێن دەردەکەین کە حوکمی یاسایان هەبێ بۆ ئەوەی:**

ا. ئەندامانی پەرلەمان بە پێی شوێنەکەیان بکرێن بە نوێنەری ناوچەی جوگرافی دیاریکراوو ئۆفیسیان لەو ناوچانە هەبێ و کراوە بێ بۆ زیارەتی هاووڵاتییان.

ب. هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەبێ بەلای کەمەوە هەفتەی رۆژێ دە رگای ئۆفیسەکەی بێ مەوعید کراوە بێ بۆ سە ردانی هاووڵاتیان و گوێگرتن لە سکالاو داواو پێشنیازە کانیان وگەیاندنیان بە پەرلەمان و حکومەت.

ج. سەرۆکی حکومەت دەبێ بەلای کەمەوە مانگی جارێک لە بەردەم پەرلەماندا ئامادەبێ بۆ کاتی پرسیارکردن بۆ ماوە ی دوو سە عات. ئەندامانی پە رلەمان ئە رکی سە رشانیانە چاودێری کارەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکانی حکومەت بکەن و دەربارەی هەر پرس و بابەتێ بەلای دەنگدەرانیانەوە گرنگە پرسیاری لێ بکەن.

د. پەرلەمان دەتوانێ هەر وەزیرێک بۆ پرسیار و لێپرسینە وە لە هەر کاتێکدا پێویست بێ بانگ بکات.

هە. ئەندامانی پە رلەمان بۆیان هە یە پرسیاری نووسراو پێشکە ش بە سەرۆکی هە رێم، سەرۆکی وەزیران، وەزیرەکان و بە رپرسیارانی دەزگاکانی حکومە ت بکەن و پێویستە لە ماوەی دوو هەفتەدا، مەگەر بەهانەیەکی رەوا هەبێ، هەر بە نووسین وەلامیان بدرێتەوە.

**دایکان و باوکانی بە پەرۆش و کچان و کوڕانی ئایندەدروستکەری کوردستان**

من دە زانم زۆربە تان ،بە بەشی هە رەزۆری حیزبییە کانیشەوە، بە تایبەت پێشمە رگە قارەمانەکانمان و خێزانە کانیان، قوربانی دەستی حیزبایە تیی و گە ندەڵیی و جیاوازیی و ناعەدالەتیین و تینووی گۆ رانن. ئێستا وڵاتی ئێمە دوورگەیەکی لە دنیا دابڕاو نییە و ئێوەش ئەشکەوتنشین نین. ئەوەتا ئەمرۆ لە ئێران، لە لوبنان و لە عێراقی خۆشماندا و لە زۆربەی دەولەتە ئێسلامییەکانیشدا هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دیمۆکراسییەنەی دەسەڵات بۆتە تاقە رێگایەک بۆ دامەزراندنی حکومەتی رەوا و ئاشتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی.

من دڵنیام گەر بەراستی هەڵبژاردنێکی 'ئازاد و دروست و راست ' هەبێ ئێوە نەک هەر بە دەنگ و دە ست بە ڵکو بە رۆحیشتان دە نگ بۆ پاراستنی وڵات وپاشە رۆژی خۆتان لە کۆمەلگای دیمۆ کراتیی یاساو یە کسانی و عە دالەتخوازیدادا دە دەن. ولاتی ئێمە لە لەحزەی (ئۆباما)یی دا دەژی بەلام کوا ئەو سیستمە دیمۆکراتی و یەکسانەو ئەو گەلە چاوکراوەو ئەو کەمپەینە یەکسان و ئازادەی کە ئەم لە حزە مێژووییەی بۆ ئۆباما و ئە مریکا کر دە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ هە موو جیهان؟ بە داخێکی زۆرەوە دوای 18 ساڵ حوکمی کوردی کە بی بنە ماییانە خۆی بە مۆدێلی دیمۆکراتی عێراق و ناوچە پێشکەشکرد، ئێستا دەسەلاتی کوردی بێپاکانە لە بەرچاوی هەموو دنیادا، سیاسەتی نانبڕین و تۆقاندن بەرامبەر ئەو کەس و گرۆیانە بەکاردێنێ کە بیرورای جیاوازیان هە یەو دەیانەوێ ئازادانە بەشداری پرۆسەی هەلبژاردنی دیمۆکراسی بکەن.

**گەلی کوردستانی خەبات و کارەسات**

پێوانەی من بۆ عە دالەت و ویژدانی نە تەوەییمان ئەوەیە تا چ رادە یەک بایە خ بە ژیان و بەختەوەری و پاشە رۆژی خیزانان و مناڵانی ئە نفال و هە لەبجە دەدەین و دە یانخەینە سەرچاومان و لە پێش هەموو دەستەو گرۆیەکی تردا دادپەروەری و ماڵ و خانوو پەروەردەی دروست و ژیانی سەربەرزو پاشەرۆژی بەختەوەریان بۆ دابین دەکەین.

پێوانەی من بۆ شانازی نە تەوەییمان و وە فامان بۆ شە هیدان و خە باتکارانمان ئەوەیە تا چ رادەیەک بایە خ بە پێشمەرگە دەدەین و رێزو تە قدیر و ژیانی سە ربەرز و بە ختەوەر بۆ





منالەکانیان مسۆگە ر دە کەین و خۆشە ویستی و ریزیان وە ک پێشمە رگەو سوپای کوردو کوردستان نەک میلیشیای حیزب و بنەماڵە بۆ دەگێرینەوە.

پێوانەی من بۆ مافی مرۆڤ ئەوەیە تا چ رادەیەک مافی ژیان لەم خاکەدا دەپارێزین و کوشتنی بە ناهەقی تاقە ژن و منالێک، مردنی تاقە کەسێک بە خواردنی ئێکسپایەر یان بە رووداوی جاددەو سە یارە، یان مە رگی تاقە گەنجێک بە بێهیوایی و بێدە سەڵاتی خۆکوشتن، یان لە رێگای ئاوارە یی و هە ڵاتندا، تە واوی دە سەڵات و کۆمە ڵ بە یەکەوە دەهەژێنێ و تا دابینکردنی عەدالەت بۆ قوربانیان یان نەهێشتنی هۆکارەکانی مەرگ و کوشتن، داناسەکنێن.

پێوانەی من بۆ پێشکەوتنی کۆمەلایەتی ئەوەیە تا چ رادەیەک کچەکانمان زیاتر لە کورەکانمان دەرفەتی باوەربەخۆبوون و پە روەردەو کارو چالاکی کۆمە لایەتی و رۆشنبیری و سیاسییان بۆ فەراهەم دەکرێ و ژن بە دڵنیاییەوە دەوری رێبەرانەو بنیاتنەرانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەبینن.

تاقە پێوانەی من بۆ سەرکردایەتی راستەقینە ئەوەیە تا چ رادەیەک بە وتارو رەفتار و کردارو بیرو پرۆژە هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە هەموو رۆلەیەکی وڵاتەکەی چ کچ چ کوڕ دە رفەتی ئەوەیان دەبێ و دەتوانن گەر بخوازن و تێبکۆشن ببنە سەرکردە.

لە سیستمێکی دیمۆکراتی دەستووری پلورالیستی مەدەنیی راست و دادپەروەر و دیمۆکراتیدا هەمووتان دەتوانن چ لە چوارچێوەی مال و کاری خۆتان، چ لە چوارچێوەی خەبات و خەونی نەتەوەییدا ببنە سەرکردەو رێبەر. دەتوانن ببنە زاناو داهێنەر، دەتوانن ببنە هونەرمەندو نووسەر، دەتوانن هەموو خەونەکانتان بکەنە راستی، مە حاڵ بکەنە حەقیقەت. من دەمەوێ بە هاوکاری هە موو هێزە کانی گۆران و چاکسازی و عە دالەتخوازییەوە، بە یەکەوە، لە رێگای پرۆسە یەکی دیمۆکراتی راستە قینەوە ئەو سیستمە توورهەلدەین کە ریگەی ئە و دەرفەتە لە ئێوە دەگرێ، کە کوشتن وخۆسووتاندنی کردۆتە تاقە چارە لە بەردەم ژنانی چەوساوەو بێ مافدا و سە رهەلگرتن و نامۆیی و دوورە پەرێزیی کردۆتە تاقە دەرفەت لەبەردەم گە نجانی بێ هیوادا و مناڵانی ئە نفال و هە لەبجە ئەنفال دە کاتەوەو ولاتەکەمانی کردۆتە سەحرایەکی بێ بەرهەم و گەشایی و گەشەسەندن و گەشبینیی.

کوڕی کورد، کچی کورد : ئایندەی گە شت لە بەردەمە، لە دەستتدایە، مە هێلە لە دەستی دەربێنن.

سەرکەوتنت لەم هەڵبژاردنەدا قەلەمبازێکی گەورە دەبێت لە چەکەوە بۆ قەلەم، لە کەلتووری شاخ و بنە مالەوە بۆ کەلتووری دیمۆکراسی و دە زگای مەدەنی، لە ترس و رەشبینییەو بۆ هیوا و داهینان.

تەنیا بەوە بەس مەکە کە دلنیا بی خۆت و خیزان و دۆستانت بۆ ئە م قەڵەمبازە مێژوویی یە گرنگە دەنگ دەدەن، تێبکۆشە ، ماڵ بە ماڵ بگەرێ تا دڵنیا دەبی هەموو تاکێکی ئەم گەلە بۆ ئەم گۆران و وەرچەرخانە سرۆشبەخشە دەنگ دەدات.

من تە نیا بیرو بۆچوون و ئامرازێکم لە خزمەتی ئێوە دا، لە خزمەتی ئە نجامدانی ئە م وەرچەرخانە دا.

من نە حیزبم هە یە، نە تاکە رێکخراوێک، نە تاکە دەزگایەک، نە سووپا، نە دەزگای راگەیاندن، نە سەرمایەو پارەو سامان.

من باوەرم هەیە، بە خۆم و بە ئێوەش.

من خۆشەویستیم هەیە بۆ ئێوەو بۆ منالّەکانتان.

ئێوە نوێنەری منن.

من پێشمەرگەم نییە، بەڵام هەموو پێشمەرگەیەک کە خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان بزانێ پێشمەرگەی منە و نوێنەری منە و خۆشەویستی منە

هەموو ْکج و کوڕو خوشک و برایە ک کە خەون بە ئازادی و زانست و ر ۆشنیری و دروستکردنی ژیان و پاشەرۆژی بەختەوەرەوە دەبینن، کورو کج و بوا و خۆشکی خۆشەیستی منن و بە نوێنەری خۆمیان دەزانم.

من داوای لیبوردن و تێگە یشتنتان لێ دەکەم کە نە میدیاو دەزگای راگەیاندنی خۆم هەیە کە هەموو وەخت بەکاری بێنم نە ئەو دەرفەت و توانایەم هەیە کە ئاواتی دڵم بەدیبێنم و زیارەتی هەموو ناوچەو دەڤەرێک بکەم و بە خزمەتتان شاد بم.

بۆیە داواکارم لە هەموو کەس و رۆڵە یەکی گەلەکەم: جوتیاران، کرێکاران، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی خوێندگاو زانکۆکان، خوێندکاران، پیاوماقۆلان، لاوان، ژنان، کاسبکارو





پێشمەرگەو سەرجەم عەشیرەت و کەسێتییە بەرێزەکان و رۆشنبیران، خۆیان بە نوێنەری من بزانن و ئەم کەمپەینە بە کەمپەینی خۆیان بزانن تا بەیەکەوە دەست لە دەست و قووەت لە خوا، سەرەتایەکی نوێ بۆ کو ردستان و ژیان و پاشە رۆژێکی نوێی پڕشنگدار بۆ منالّە کانمان دروست بکەین.

**بەرەو هەڵبژاردنی ئازاد، بەرەو سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان.**

**خواتان لەگەڵ!**

د. کەمال میراودەلی ژمارە (15 )
سەرەتایەکی نوێ بۆ کوردستان